

# جین لامبیرت ئەندامی پەرلەمانی ئەورپا، لەحیزبی سەوزی بەریتانی بریاری دا خواستی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان بباتە نیو پەرلەمانی ئەورپاوە

رۆژی هەینی 14–1–2004 وەفدیكی كەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان كە پێك هاتبوو لە (پرشنگ ئەحمەد، دەشتی جەمال) لەگەل بەریز (جین لامبیرت) ئەندامی پەرلەمانی ئەورپا لەحیزبی سەوزی بەریتانیا، كۆبوونەوە. لەم كۆبوونەوەیەدا وەفدی ناوبراو لەسەر كیشەی كوردو ستەمی میلی لەكوردستانی عیراقدا لەژیر سایەی دەسەلاتی شۆڤینستی عەرەبی لە 35 سالی رابردوو دا قسەی كرد. هەورەها دەربارەی مامەلەی رژێمە شۆڤێنیستەكانی عێراق لەگەڵ خەڵكی كوردستاندا وەكو هاولاتی پلەدوو لەقانوو دەستوری وولاتدا،و بەكاربردنی سیاسەتی پاكتاوی رەگەزی و راگواستن و ئەنفال و كیمیاباران و ئیعدام و كوشتنی بەكۆمەڵی خەڵك لەلایەن رژیمی بەعسەوە قسەوباسیان كرد. هەروەها ئاماژەیان بەوە كرد كە ئیستاش دوای رووخانی ئەم رژیمە، و لەلایەن حكومەتی دەسكەلای ئەمریكاوە هاولاتیانی عێراقی بەسەر شیعە و سونە و كورد دا دابەش كراون. دوبارە هەویتی قەومی عەرەبی و ئیسلامی بە دەوڵەتی عێراق دەبەخشنەوە و وەكو بەشیك لە نیشتمانی عەرەبی پێناسەی دەكەن. وە كیشەی كورد بە چارەسەرنەكراوی دەهێڵنەوە و ئینكاری مافی ریفراندۆم بۆ ئەو خەڵكە دەكەن. لەكاتیكدا كوردستان بەعەمەلی 13 سالە لە دەولەتی مەركەزی جیایە، دەیانەوێ بێ وەرگرتنی راپرسی خەڵك كوردستان و خەڵكەكەی بە عێراقەوە ئیلحاق بكەنەوە....

هەروەها لەسەر هەڵبژاردنە گالتەجاریەكەی عێراق و دەربارەی سیاسەتی راپیچ كردنی خەڵكی عیراق و كوردستان بۆ هەڵبژاردن، لەلایەن حیزبە ناسیۆنالیستە عەرەبی و ئیسلامی و كوردەكانەوە، قسەوە باس كرا. باسیان لەوە كرد كە ئەم هەڵبژاردنە هیچ مەرجی هەلێ بژاردنی تیا نی یە، و ئەحزابی جۆراوجۆر بە فشارو هەرەڕشە دەیانەوێ خەڵك بەرنە پای سندوقەكانی هەڵبژاردن. هەروەها كارەكانی كەمپینی رفراندۆم لەچەند ساڵی رابردوودا بەدریژی باس كرا.

بەریز جین لامبیرت رای گەیاند كە ئامادەیە بەوپەری تواناوە كار بكات بۆ بردنی كیشەی كورد لەكوردستانی عیراقدا بۆ نیو ئەجندەی پەرلەمانی ئەورپا، بردنی بۆ نیو پەرلەمانی بەریتانیا ، هەروەهاحیزبی سەوزی بەریتانی، وە نووسینی نامە لەسەر ئەم مەسەلەیە بۆ كۆفی ئەنان سكرتیری نەتەوە یەكگرتووەكان، بۆ تۆنی بلیر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، بۆ جاك سترۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا. وە پەیوەندی دەكات بەو ئەندام پەرلەمانانەی لەمەسەلەی كورد پشتیوانی دەكەن بۆ راكیشانی پشتیوانیان، پەیوەندی دەكات بەلیژنەی چاودیری هەڵبژاردنەكانی عیراق لە پەرلەمانی بەریتانیا بۆ ئەوەی پرسیاری ئەوەیان بخاتە بەردەم كە خەڵكی كوردستان رووبەرووی ئەو مەئساتانەی پێشو نەبنەوە. لەوەفدەكە داوای كرد هەر زانیاریەكی زیاتر لەسەر وەزعیەتی كوردستان و هەڵبژاردنەكان هەیە بەدەستی بگەیەنن.

شایەنی ئاماژە پێكردنە بەریز (جین لامبیرت) لەسەرەتای چالاكیەكانی كەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستانەوە هەمیشە هاوكاری و پشتیوانی لەخواستی رفراندۆم بۆ خەڵكی كوردستان كردوە.

## كەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان

2005–1–14